# جوگرافیاو هەواڵگری

**د.جەزا تۆفیق تاڵیب**

**پسپۆڕی جیۆپۆلەتیک و ئاسایشی نەتەوەیی**



هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر لایەنی بەرامبەر یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەکاتی شەڕو ئاشتیدا، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ئاژانس و دەزگای پسپۆڕ دامەزراوەو ئەرکیان کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆرە لەسەر لایەنی بەرامبەریان، هەندێك لەو زانیاریانە کەلەسەر وڵاتان کۆدەکرێتەوە سوود لەزانیارییە جوگرافییەکان وەردەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی زۆر زانیاری داتاو ئامارو شوێن و پێگەی دیاردەکان لەسەرانسەری وڵاتان و هەرێمەکاندا.

لێرەوە دەکرێت بپرسین ئایا زانیارییە هەواڵگرییەکان چۆن لەزانستی جوگرافیاوە چنگ دەکەون؟ پسپۆڕە هەواڵگری و ستراتیژییەکان چۆن هەڵسەنگاندن وشیکردنەوەی لەسەر دەکەن؟ لێرەوە دەتوانین لە سێ بواری سەرەکیدا زانیارییە جوگرافیەکان بخەینە روو:

**یەکەم:** لایەنی سروشتی وڵاتان و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگرییەکان، بۆنموونە دەکرێت لەرێگەی زانیارییە جوگرافییەکانەوە ناوچە شاخاوی و دەشت و زەلکاوەکانی هەر وڵاتێك دەستنیشان بکرێت و بەرزی و نزمی ئەو ناوچانە لەسەر نەخشە سەربازییەکان دیاری بکرێت و ئەو دەروازەو رێرەوانەش دەستنیشان بکرێت کە دەکرێت لێیانەوە هێرش و دزەیان لێوە بکرێت، هەروەها زانستی بەرزایی و سروشتی جوگرافی و کەشی ئەو ناوچانە زانیاری بەسوود دەبن بۆکاتی ئەنجامدانی هێرش و هەر پرۆسەیەکی تاکتیکی یان ستراتیژی.

**دووەم:** زانیارییە جوگرافییەکانی بواری دانیشتوانیش، زۆر سوود بەپسپۆڕانی هەواڵگری دەگەیەنێت، لەبوارەکانی زانستی ژمارەی دانیشتوان و رێژەی لەدایك بوونی ساڵانە لەوڵاتدا، چونکە شیکردنەوەی هەواڵگری ستراتیژی لەمەودای دوور ئامێزداو بۆ ئایندە ژمارەی دانیشتوانی وڵات بەفاکتەرێکی کاریگەر دادەنێت لەچەند بوارێکەوە، وەکو زانینی ژمارەو رێژەی هێزی چەکدار لەوڵاتدا، هەروەها لەکاتی ئابلوقە خستنەسەردا دەتوانێت خەملاندنی ئەو مانگ و ساڵانە بکرێت کە وڵات دەتوانێت بەرگەی ئابلۆقەی



تێدا بگرێت.

هەروەها زانینی ژمارەو رێژەی رەگەزی دانیشتوان بۆ پسپۆڕانی هەواڵگری زۆر گرنگە تالەرێگەیەوە ژمارەو هێز چەکدار بەووردی بزانن، سەبارەت بەپێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی دانیشتوانی ولات دامودەزگا هەواڵگرییەکان دەتوانن سوود لەخەسلەتە ووردو شاراوەکانی نێوخۆی ولات وەربگرن بۆزانینی کێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینییەکان و دەستنیشانکردنی کەمینەکان و قۆستنەوەیان لەکاتی شەڕو قەیرانەکانداو چاندنی چاوساغ و هاریکاران بەگوێرەی ناوچەو دابەشبوونی نەتەوەو ئاینەکان، تا وەکو لەرێگەیانەوە کاری پێویست ئەنجام بدرێت.

<u>سێیەم</u>: هەندێك زانیاری جوگرافی هەیە لەبواری تۆڕی رێگاوبان و پردو هێلی شەمەندەفەرو شوێنی فرۆکەخانەکانەوە، کە دەکرێت لەرێگەی نەخشەی جوگرافی و زانیارییەکانی تری بواری جوگرافیاوە دەست بکەوێت زۆر خزمەتی پسپۆڕانی هەواڵگری دەکات، بەتایبەتی لەکاتی شەڕو قەیرانەکاندا، تاوەکو درێژەی رێگاو بانەکان بزانرێت و لەکاتی تەقاندنەوەی پردەکاندا رێژەی پەککەوتنی هات و چۆوگواستنەوە چەند دەبێت بخەملێنرێت و هەروەها زانینی شوێنی دامەزراوە پیشەسازی و سەربازی و ئەتۆمییەکان و زۆر جار لەرێگەی زانیارییە جوگرافییەکانەوە ئاشکرا دەبن و دەکرێت زۆر خەملاندن و شیکردنەوەی سەربازی و ستراتیژی بۆ بکرێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لیکۆڵیارە ستراتیژییەکان بایەخی پێدەدەن زانینی مەودای زامکردنی ئاسایشی خۆراکی ولاتانە کەتا چ ئاستێك ولاتان دەتوانن لەکاتی شەڕو قەیراندا بەرگەی ئابلۆقەی ئابوری بگرن و بتوانن زامنی ئاسایشی خوراکیان بکەن، ئەم زانیاریانە دەکرێت لەرێگای جوگرافیاوە کۆبکرێنەوە، کاتێك کۆی رووبەری چێندراو بەگەنم و جۆو بەرهەمە ستراتیژییەکان دەزاندرێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ولاتدا بەراورد دەکرێت، ئەو راستییە ئاشکرا دەبێت کەتواناى ولاتان بۆدابینکردنی خۆراکە سەرکییەکانیان چەندە؟.

بۆیە دەکرێت بڵێن بەشێکی زۆری زانیارییەکانی هەواڵگری دەکرێت لەرێگەی زانستی جوگرافیاوە دابین بکرێت و پسپۆڕانی جوگرافیای سیاسی دەتوانن لەم بوارەدا رۆڵی سەرەکی ببینن و هەواڵگری ستراتیژی دەوڵەمەند بکەن بەزانیاری زۆر ورد کە دەکرێت لەکاتە هەنوکەییەکاندا سوودی لێوەربگیرێت و بریاری سیاسیشی لێوە فۆرمەلە بکرێت.